# ئامۆژگاریەکی زێڕین بۆ خوشکانی گوێڕایەڵ و سەنگین

نوسینی
ڕەنجدەر کوردی

# ئامۆژگاریەکی زێڕین بۆ خوشکانی گوێڕایەڵ و سەنگین

نوسینی

رەنجدەر کوردی

دیزاین : بەندەی الله

١٤٤١ کۆچی


بسم الله الرحمن الرحيم

## ئامۆژگاریەکی زێرین بۆ خوشکانی گوێرایەڵ و سەنگین

خوشکە سەنگین و باشەکانم هیوادارم بەچاوی دڵتان ئەم ئامۆژگاریانەی براتان بخوێننەوەو بەهەند وەریگرن ، بەڕێزتان لەمن باشتر دەزانن کەئەم سەردەمە سەردەمی فیتنەیەو، ڕێگاکانی خراپەو تاوان بەهەموو شێوەیەك خراونەتە سەرپشت و سەرجەم هەوڵ و کۆششێکی شەیتان و شوێن کەوتوانی لە ئینس و لەجن هەڵخلیسکان و لاڕێ کردنی نەوەکانی ئادەمەو ، ئامانجی سەرەکیشیان سەرەتا لەخشتە بردنی ئافرەتانی داوێن پاك و بەشەرم و حەیایە لەڕێگەی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە

ئەوەی من دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم ئەوە نییە کەبەبیری تۆدا دێت و وابزانیت مەبەستم ڕوتکردنەوەی ئافرەت و کردن بەکاڵای ئافرەتە!، بەڵکو ئەوەی من دەمەوێت بەکورتیەك تیشکی بخەمە سەر نێچیرە گورگ ئاساکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانە کەلەپێستی مەڕدان و دەیانەوێت بەناوی بانگخوازو مامۆستاوە بەقسە باق و بریقەکانیان و زمانە لوسەکانیان لەخشتەتان ببەن و بتان کەن بەنێچیری دەستی خۆیان و خۆیان و ئێوەش بخەنە ناو داوی شەیتان و فیتنەی شەهەواتەوەو سەرەنجام توشی تاوان و سەرپێچیتان بکەن و لەجیاتی فێربونی زانستی شەرعی ، توشی لادان و هەڵخلیسکانتان بکەن .!

دەزانن ئەوکاتەی کە لەنەبونی مامۆستای ئافرەت و خوشك دا کاتێك من وانەی خوشکانم دەوتەوە بۆ ئەوەی خۆشم و خوشکە ئیمانیەکانم توشی فیتنە نەبین خێزانی بەڕێزم و خوشکە بەڕێزەکانم و پورە خۆشەویستەکانیشم بەدایکی سەربەرزیشمەوە ،خستبۆیە ناو گروپی وانەکان و ڕێگەم نەدەدا بەبێ مەحرەمەکانم وانەکان بڵێمەوە؟ چونکە ئەو ئەرکەی من خستبومە سەرشانم ئەرکێکی قورس و مەترسیداربوو بۆ ئەوەی کەپارێزراوبم و شەیتان فریوم نەدات و خەلەل لەنیەتەکەم دا دروست نەبێت و ڕێگام لێ وێڵ نەبێت لەپاش پشت بەستن بە الله تعالی هەندێك هۆکاری شەرعیشم گرتبۆیە بەر تا کارەکەم پێچەوانەی قورئان و سوننەت نەبێت و لەجیاتی پاداشت ڕەنج بەخەسارنەبم.

پاش چەند ساڵێك کەزانیم سوپاس بۆ خوای گەورە کۆمەڵێك مامۆستای زیرەك و ، لێهاتووی ئافرەتان و خوشکان پەیدابوون و خزمەت بەخوشکانی بەڕێز دەکەن

بەپێویستم زانی واز لەوانەو لەخولی زانستی شەرعی ئافرەتان بهێنم و ئەوەشی کەخوێنراوە الحمدلله لەگروپی خوێندنی زانستی شەرعی ئافرەتان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بوك و کەناڵی یوتوب دا بڵاوکراوەتەوەو ، ئیتر وانەو دەرسەکانم بەجێ هێشت بۆ ئەو کۆمەڵە مامۆستا خوشکە بەڕێزو سەنگینەم کەوا شەوو ڕۆژیان خستۆتە سەر یەك بۆخزمەتی بانگەوازی ئیسلام و بەبێ ماندووبوون وانە بە دایك و خوشك و پورو کچەکانی ئێمە دەڵێنەوە کەجێگای فەخرو شانازین بۆمان هەتا ماوین دەبێت خۆمان بەقەرزاریان بزانین و دوعای خێریان بۆ بکەین کە ئەو ئەرکە قورسەیان لەسەرشانی ئێمە نەهێشت.

ئەگەرچی تائێستاش بەبەردەوامی بەشێك لەوخوشکە سەنگین و باشانەم کەقوتابیم بوون یان خوشکانێکی تریش کەمتمانەیان بەم برایەیان هەیە لەفەزڵ و منەتی الله تعالی بەزیاد بێت داوای وانەو خولی شەرعی ترم لێدەکەن بەڵام ئامادەنەبوم و نەم کردۆتەوە جارێکی تر ، هۆکارەکەشی ئەوەیە کەوا لەئێستادا بەزەروری نازانم خوشکان لای مامۆستای پیاو یان کوڕ بیخوێنن مەگەر لەناچاری و نەبونی مامۆستای ئافرەت یان لەقوتابخانەیەکی شەرعی دا یان خولێك بێت کەوا چەند مامۆستایەکی بۆ خوا سوڵحاوی بەئەزمون و شارەزا سەرپەرشتی بکەن بەبێ پەیوەندی تەنها بونەوەی مامۆستاو قوتابیەکان، کەئەوەش لە ئێستادا شتێکی مەحاڵەو زەرەرو زیانەکەی زۆر زیاترە لەبەرژەوەندیەکەی وەك ئەوەی کەدەبینرێت .!

چونکە ڕۆژانە چەندین نمونەی بەناو بانگخوازو مامۆستا دەبیستین لەتۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە بەناوی فێرکردنی زانستی شەرعی و وانە وتنەوەوە ،بەپێچەوانەوە تەنها ئیشیان لەخشتە بردنی ئافرەتانەو ، لەجیاتی فێرکردنی زانستی شەرعی فێری عەشقایەتی و دڵداری و خۆشەویستی و پەیوەندی ناشەرعی دەبن، جێی ئاماژەیە لەم بابەتەش دا هەندێك لە ئافرەتانیش بۆ خۆیان دەرگای ئەو پەیوەندیە ناشەرعی و ناشایستە دەخەنە سەرپشت و بەدوو قسەی باق و بریق بەهۆی سۆزو عەتفیانەوە فریو دەخۆن و کاکی بەناو بانگخوازیش کەبۆ خۆی لەناو فیتنەی شەهەوات دا گەوزاوەو خودی خۆی پێویستی بەوانەی تەزکیەی نەفس و خۆپارێزی یە،وەك کوردەواری دەڵێت وەستای قسان و کۆڵەواری دەستانە، یان تیایان دا هەیە تائێستا خێزانی پێك نەهێناوەو وانەی ئافرەتان دەڵێتەوە ئاخر چۆن ڕزگارت دەبێت لەفیتنەی شەهەوات و

ناکەویتە ناو تاوانەوە لەکاتێکدا ژیانی هاوسەرگیریت پێك نەهێناوەو ئەو هەموو ئافرەتەش لەدەورت کۆببنەوە؟

خوشکە باشەکانم بەخوا قەسەم ئەوەی من دەیڵێم بەئاگا هێنانەوەتانە لەو بەنجەی لێتان دراوە ، نمونەم زۆر لەبەردەستە کەوا گەنجی واهەبووە ئەهلی عیلم بووەو وانەبێژ بووە بەڵام نەیتوانیوە لەبەردەم شەهوەتیدا خۆی بگرێت و هەر ڕۆژەو ئافرەتێکی فریوداوە بەناوی هاوسەرگیری یەوە، دوای ئەوەی ئاگادار کراومەتەوە کەوا بەئاگای بهێنمەوە لەبەر خوای گەورە بەتایبەتی گفتوگۆم لەگەڵ دا کرد

ووەو بەڵگەکانم خستۆتە بەردەستی و ئامۆژگاریم کردووەو فەزحم نەکردووە، وە داوام لێکردووە کەوا هەوڵ بدات خێزان پێك بهێنێت و لە پەیوەندی کردن لەگەڵ ئافرەت و وانەی ئافرەتان دوورکەوێتەوە بۆ ئەوەی توشی فیتنە نەبێت، وە سەرەتا بەڵێنیشی پێداوم بەڵام بەداخەوە دوواتر بۆم دەرکەوتووە کەتەنها ویستویەتی فریوم بدات و بەڵێنەکەی شکاندۆتەوەو دووبارە ڕێی پەیوەندی کردۆتەوە بۆ ئافرەتان ، دوای ئەوەی کەزانیومە ئامۆژگاری سوودی نییە ، من بەپیاوەتی خۆم لێی دوورکەوتومەتەوەو ناچاربووم کەوا چیتر ڕێگەی نەدەم پەیوەندیم لەگەڵ دروست بکاتەوە چونکە هیچ متمانەیەکی لام نەماوەو چی تر نەشم هێشتووە واخۆی دەربخات لەمنەوە نزیکە بۆ ئەوەی نەتوانێت بەخۆ نزیك کردنەوەی ئەوخوشکانە فریو بدات .کەمتمانەیان بەم برایەیان کردووە

کەواتە لەبەر الله تعالی پێتان دەڵێم ئەو ڕێگەیەی ئێوە گرتوتانەتە بەر ڕێگەیەکی ، هەڵەیەو چونکە هیچ کەسێك ناتوانێت بەڕێگەی ناشەرعی بگاتە ئاماجی شەرعی بگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورەو خۆتان دابڕن لەوجۆرە بەناو بانگخوازو مامۆستایانەی لەجیاتی بەرەو بەهەشت بەرەو دۆزەختان دەبەن، ئەگەر تۆ نیەتت ڕەزامەندی خوای گەورەیەو بەدووای زانستی شەرعی یەوەیت بگەڕێ بەدوای مامۆستای ئافرەت دا یان مامۆستای جێی متمانە ، وە هۆکاری شەرعیش بگرە بەر دڵنیابە خوای گەورە دەت گەیەنێت بەو ئامانجە پیرۆزەو خۆی پشتیوانیت لێ دەکات و فێری زانستەکەشیت دەکات، وە ئەگەر مامۆستاشت دەست نەکەوت دەتوانیت بەئاسانی لەڕێی ئەنتەرنێتەوە گوێبیست و خوێنەری دەیان کتێب و وتاری مامۆستایانی سەر ڕاست و هەق بێژ بیت کە الحمدلله ئەمڕۆ هەموو لایەنەکانی زانستی شەرعی

ئەو ئیسلامە پیرۆزە بەهەوڵ و ماندووبونی دەیان کەڵە زاناو بانگخوازی سەر ڕاست کەشەو ڕۆژیان خستۆتە سەر یەك بەئاسانی لەڕێی ئەنتەرنێتەوە دێتە بەردەستتان و دڵنیاش بن ئەوکات لەفیتنەی شەهەواتیش بەدووردەبن.

وە لەکۆتایی دا یادی ئەو بەناو بانگخوازو مامۆستایانەش دەخەمەوە کەوا چاک بزانن هەموو شتێك تیجارەت و بازرگانی پێوە بکرێت بەڵام ئەو دینە پاکە بازرگانی پێوەی ناکرێت و ئەمڕۆبێت یان سبەی گەر تەوبە نەکەن و واز لەو ڕێگە خراپە نەهێنن کەبەناوی بانگەوازەوە گرتوتانەتە بەر بەڵام خەلەل لەنیەتەکەتان دایە ئەوە دڵنیابن خوای گەورە ڕووی راستەقینەتان هەڵ دەماڵێت و ئابڕووتان دەبات.

خوای گەورە ئەم ئامۆژگاریانەمان بۆ بخاتە سەر توێشوی چاکەکانمان و بەنیەتێکی پاکەوە لێی وەرگرتبێتین، کەخۆی شاهێدە هیچ مەبەستێك و بەرژەوەندیەکی دونیایی لەپشتەوە نییە غەیری ڕازی بوونی الله تعالى نەبێت کە لەخەمی خوشکە ئیمانیەکانم دام، داواکارم لە الله تعالى بەدەسەڵات و توانای خۆی خوشکانی بەڕێزو بەشەرم و داوێن پاکم بپارێزیت لەفیتنەی دونیاو ئاخیرەت.

**تێبینی** :لەسەر داوای چەند خوشکێکی مامۆستای بەڕێزو دڵسۆز کە لەنزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکانن داوام لێکرا ئەم بابەتە بنوسم

بەندەی موحتاجی دوعای خێرتان

ڕەنجدەر کوردی